# سێ هۆنراوەنامە بۆ پێنووسە سەرلێشێواوەکان

## کامیل ژیر

### ١- پێنووس و ویژدان

پوورە هەنگێکی ناو دارستانێ
بەباڵ ئەفرین
بۆ مژینی گوڵ، بۆ تامی خۆشی
خۆراکی شیرین.
تیایانا هەبوو بزر ئەبوون و
سەریان دائەنا لەو پێناوەدا
بۆ پاراستنی شانە و لانەیان
بەدژیانەوە شێرانە ئەدا
نموونەی بەرزی کارامەیەتی و
یاسا و رژێم و لەخۆ بوردن بوون
بۆ هەرچی تامی شیرینی هەیە
بەخەندە و بزەی لێوەوە ئەچون
کەچی مرۆڤێ کۆلێ شیرینیی
لەسەر کاغەزێ بڵاوکردەوە
پوورە هەنگەکە نەچوون بەلایا
بەکۆمەڵ خۆیان لێئەشاردەوە
ئەیانوت نەبا جێگەپێ و دەسمان
لەهات و چۆدا بەسەر کاغەزا
بەپێچەوانە رەنگ بداتەوە
وەکو پێنووسی هەندێ مرۆڤی
ئەودیوی ویژدان، لەسەنگ و نرخی
پوورە هەنگیمان کەمبکاتەوە!!

## ٢- دروود لەگورگ

گورگێ مەڕێکی پارە پارە کرد!
وتیان رەوشتی دڕندە وایە..
ماسی ماسیی ورد بەکۆمەڵ ئەخوا!
ئەمە رژێمی ئاوو دەریایە..
کەبوومە لەرزە شارێ کاولکا
ئەڵێن کارەسات رادە بەدەرە!
سێو چوار منالی وەکو گوڵاڵە
بەرجادە کەون، قەزاو قەدەرە!
کوێرەخەتێ گەر پلەی دەسکەوێ
خوم ئەشێوێنێ، تینووی کورسییە!
لەکاتی جەنگا گرانی دادێ
بازرگانی جەنگ چاوی برسییە!
سەگێ بەبێ هۆ پەلامار بدا

خەڵکی بگەزێ، سەگێکی هارە!
نەزانێ ئەشێ لەسەر دوو وشە
کەسێ بکوژێ، نەخوێندەوارە!
ئەی رۆشنبیرێ، ژیرێ، زانایەک
پایە بڵندێ، پرۆفیسۆرێ
ویژدانی لەخۆی، لەنەتەوەکەی
لەچاوی گەشی راستی بتۆرێ
نوکی پێنووسی بکاتە دەمی
پاچی گۆڕهەلکەن بۆ بەرامبەری
چاوەڕوانیشبێ بلێن مامۆستای
چەرخی ئاوەژوو، تۆ تێکۆشەری!!
ئەبێ بۆ ئەمە بیانوومان چی بێ؟
چەنی بەچەنە رەفتاری وەها!؟
کفن دز وەرە دەسم دامێنت
دروود لەگورگی دڕندەی رەها!!